پێنج دەستپێشخەری عێراق لە کەبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وەتانی عەرەبیدا پێسندکرا

ئەمە پێنجشەممە ،وتەبێژی حکومەت باسم عەوادی رایگەیاند، پێنج دەستپێشخەری عێراق لە کەبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وەتانی عەرەبیدا پێسندکرا،پرسی فەلەستینیش گرنگترین تەوەری دەستپێشخەریگە بوو.

عەوادی بە ئاژانسی هەواڵی فەرمی ڕاگەیاند: گرنگترین بابەتی ناو بەرنامەی وەزاری کە لە لوتکەی 34 لە بەغداد پێشکێش بە سەرکردە عەرەبییەکان کراوە، چەند دەسپێکم کە دوو ڕاپرتیان تێدایە: یەکەمیان ڕاپرتی لوتکەی 33ی پێشوو و بەڕێنەکانی جێبەجێکردنی، هەروەها ڕاپرتی ئەمینداری گشتی کەمکاری عەرەبی سەبارەت بە کاری هاوبەشی عەرەبی.

وتیشی: لە بەرنامەکەدا کەمێك بابەت تاوتوێ کران، لەوانە پرسی فەلەستین، ململانێی عەرەبی و زایۆنیی و پێشهاتەکانی. پێنج بەگ بە وردی خراونەتەوو، تەوەرەکەی تریش کاروباری عەرەبی و ئاسایشی نێتەوەیی بووە، کە 11 بابەتی عەرەبی یان قەیرانی عەرەبی لەخۆگرتبوو لەگەڵ وردەکاری. ڕونیشیکردەوە: ئەو بابەتانەی کە مابوونەوە بریتیبوون لە گەڵانی کێشەوا و ئاسایشی هاوبەشی عەرەبی و شوێنی بەڕێوەچوونی سی و شەشمین لوتکەی عەرەبی کە لە داهاتوودا بەڕێوەدچێت، هەروەها

دەستپێشخەری و کاندیدکردنی عەرەبی بۆ پۆست لە دامەزراوە ناوچەیی و نەتەوەییەکان.

هەوادی ئاشکرایکرد، دەستپێشخەرییە عێراقییەکان لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی وەزیرانی دەرەوەی عەرەبی پەسەند کران، لەوانە؛

1- دەستپێشخەری بۆ دامەزراندنی ناوەندی عەرەبی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

2- دەستپێشخەری بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی عەرەبی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان

3- دەستپێشخەری بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی عەرەبی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانی نیشتمانی.

4- دەستپێشخەری بۆ دامەزراندنی ژوورێکی هاوبەشی هەماهەنگی ئەمنی عەرەبی.

5- دەستپێشخەری سندوقی عەرەبی بۆ پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی بوژانەوە و ئاوەدانکردنەوە لە کاریگەرییەکانی قەیرانەکان.

بەردەبیانی ئەمڕۆ لە بەغداد بۆ سەرپەرشتی فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی عێراق کۆبوونەوەی ئامادەکاری وەزیرانی دەرەوەی عەرەبی بۆ سی و چوارەمین لوتکەی عەرەبی بۆ بەشداری ئەحمەد ئەبوغەیت سکرتێری گشتیی کۆمکاری عەرەبی دەستپێکرد.

لە دانیشتنی دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا، لەلایەن عەبدوللەتیف زیانی وەزیری دەرەوەی شانشینی بەحرەین وتارێکی پێشکەشکرا، وەك وەاتی سەرکایەتی دانیشتنی پێشووی کرد. پاشان فوئاد حسێن وەزیری دەرەوە لە کاتێکدا کە عێراق سەرکایەتیی دانیشتنی ئێستای دێکات و دواتر ئەمینداری گشتی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی، قسەی کرد.

هەوادی ئاماژەی بۆشکرد: وەزیرانی دەرەوەی عەرەب دوای دانیشتنی کردنەوەی کۆبوونەوەکە دانیشتنێکی داخراویان ئەنجامدا بۆ پێداچوونەوە و پەسەندکردنی ڕێشنووسی کارنامەی لوتکەکە و ڕێشنووسی بڕیارنامەکان، بۆ ئامانجی پێشکەشکردنی بە سەرکردە عەرەبییەکان بۆ پەسەندکردن.

ڕونیشیکردەوە: کارنامەکە هەشت بەگەی سەرەکی لەخۆدەگرێت کە پرسە جیاجیاکانی کردەوەی هاوبەشی عەرەبی دەگرێتەوە، دیارترینیان پرسی فەلەستین، ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی، و شەڕی دژی تیرۆر، وەك ئامادەکارییەك بۆ پێشکەشکردنی ئەو پێژانە بۆ سەرکردە و سەرکەی دەوڵەت و حکومەتەکانی ئەنجومەنی کۆمکاری عەرەبی لە ئاستی لوتکەدا لە میانی دانیشتنی 34هەمیندا.

جەختیشی کردەوە: وەزیرانی دەرەوەی عەرەب کۆبوونەوەیەکی هاوڕکاری داخراویان لە بەغدای پایتەخت ئەنجامدا، پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەی وەزیری ئامادەکاری بۆ ئەنجومەنی کۆمکاری عەرەبی لە ئاستی لوتکەدا، بۆ هەماهەنگی و هاوڕکردن لەسەر دیارترین پرسەکانی کارنامەی لوتکە، لە پێشنگی ئەوانەش پێشهاتەکانی پرسی فەلەستین، دوایین پێشهاتەکانی ژمارەیەك وەاتی عەرەبی، هەروەها پرسە هەرەمی و نەودەوڵەتییەکان کە کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی عەرەبی هەیە.

هەوادی لە درێژەی قسەکانیدا، وتی: وەزیرەکان لە کۆبوونەوەی هاوڕکاری داخراویاندا، هەوڵستە هاوبەشە عەرەبییەکانیان لەسەر پرسە مشتومڕاویەکان تاوتوێ کرد و ڕێککەوتن لەسەر داشتنی ئەو

بەیارنامانی کە دەخرێنە بەردەم کەبوونەوەی فەرمی وەزاری، ئەمەش وەك ئامادەکارییەك بۆ پەسەندکردنیان لە کەبوونەوەی لوتکەی سەرکردەکان کە بەیارێ شەممی داهاتوو لە بەغدا بەڕێوەبچێت.

ڕووونیشیکردەوە: ئەم کەبوونەوەی ناوژکارییە هەنگاوکی تەقلیدییە کە پێش کەبوونەوە فەرمییەکان دێت، و ئامانجی بەرزکردنەوەی هەماهەنگیی سیاسییە لە نێوان وڵاتانی ئەندام و ئاسانکاری بۆ کەدەنگی لەسەر ئەو پرسانەی خراوەتەروو، بەمەش بەشدارێ لە سەرکەوتنی لوتکە و بەهێزکردنی کاری هاوبەشی عەرەبی.

عەوادی تەئکیدیکردەوە: ئەمڕۆ لیژنەی بەدواداچوونی لوتکەی عەرەبی، بۆ سەرکایەتی شانشینی بەحرەین، پێش کەبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەبی، کەبوونەوەیەکی ئەنجامدا بۆ ئامادەکردن و پەسەندکردنی ڕاپۆرتی لیژنەکە، کە لەلایەن نوێنەرانی هەمیشەیی سەبارەت بە بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بەیارەکانی لوتکەی عەرەبی پێشوو کە لە شانشینی بەحرەین بەڕێوەچوو، پێشکێشکرا.

دەستەی بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بەیار و بڕیارنامەکانی لوتکەی عەرەبی پێکدێت لە تریکای لوتکەی عەرەبی: شانشینی بەحرەین وەك سەرۆك، شانشینی سعودیە و کۆماری عێراق، هەروەها تریکای ئەنجومەنی وەزیرانی عەرەبی: ئوردن و یەمەن و ئیمارات، ئەو جگە لە ئەمینداری گشتی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی.